مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ١٠

# بناء حجج متينة في ضوء نموذج ستيفن تولمين

سامان واحد محمد
samanwahed234@gmail.com
أ.م. د.ڕۆکان عبدالله محمد
rokanabdullah@garmian.edu.krd
جامعة گەرميان/ كلية تربية الاساس

**الكلمات المفتاحية**: نموذج تولمين، الادعاء، البيانات، الضمان، المنطق غير الصوري، الإقناع

**كيفية اقتباس البحث**
محمد , سامان واحد , ڕۆکان عبدالله محمد , بناء حجج متينة في ضوء نموذج ستيفن تولمين مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، تشرين الأول٢٠٢٦, المجلد:١٦, العدد:١٠ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**Registered** **مسجلة في**
**ROAD**

**Indexed** **مفهرسة في**
**IASJ**

# بناء حجج متينة في ضوء نموذج ستيفن تولمين

# Building a continuous pilgrimage in the light of Stephen Tulmin

**Saman Wahid Mohammed**
samanwahed234@gmail.com
**Rokan Abdullah Mohammed**
rokanabdullah@garmian.edu.krd
**Garmian University/ Faculty of Basic Education**

**Keywords** : Toulmin Model, Claim, Data, Warrant, Informal Logic, Persuasion

**How To Cite This Article**
Mohammed , Saman Wahid , Rokan Abdullah Mohammed ,Building a continuous pilgrimage in the light of Stephen Tulmin ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, October 2026,Volume:16, Issue 10.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

ملخص

تتناول هذه الدراسة نموذج ستيفن تولمين باعتباره أحد أهم ركائز المنطق غير الصوري لتحليل الحجج العملية. تسلط النظرية الضوء على ستة عناصر أساسية (الادعاء، البيانات، الضمان، الدعم، المحدد، الرد) والتي تشكل معاً بنية منطقية رصينة لأي خطاب. اعتمدت الدراسة المنهج الوصفي التحليلي، وتهدف بشكل أساسي إلى التعريف بآليات هذا النموذج وكيفية تطبيقها لتحويل التعبيرات البسيطة إلى حجج مقنعة. تظهر النتائج أن نموذج تولمين أكثر واقعية من المنطق الكلاسيكي نظراً لمراعاته مجال الحجاج ودرجة اليقين. كما تؤكد الدراسة أن استخدام المحددات والدحض يمنح الخطاب قوة كبيرة ويحميه من التعميمات الخاطئة. وفي الختام، يقدم هذا النموذج كأداة تحليلية حيوية لتقييم الحجج في مجالات السياسة، والقانون، والحوارات اليومية.

تكمن أهمية هذه الدراسة في تقديمها نموذجًا جديدًا لتحليل الخطاب، أكثر واقعية من المنطق الكلاسيكي، وأداة علمية تُساعد الباحثين على التمييز بين الحجج القوية والادعاءات غير المؤسسة. يوفر هذا العمل سياقًا لفهم كيفية عمل اللغة في مجال الإقناع.

الهدف الرئيسي لهذه الدراسة هو تحديد الآليات التي تجعل الحجة سليمة ومقنعة بالتفصيل. تسعى هذه الورقة إلى تقديم تعريف علمي لمكوناتها (الدعوة، البيانات، الضمانات، الدعم، القيود، والتدابير المضادة)، وبيان كيفية تضافر هذه الركائز المختلفة لتبرير أي رأي فكري وعلمي.

تتألف هذه الورقة من جزأين رئيسيين:

الجزء الأول: (خصائص النظرية وخلفيتها): يُسلط الضوء على تاريخ النظرية وتمييز تولمين بين الحجة والتحليل، مع شرح لمفهوم مجال الحجة.

الجزء الثاني: (مبادئ الحجاج): يُخصص لتحليل الأنواع الستة الرئيسية لنموذج تولمين (الادعاءات، والبيانات، والضمانات، والأدلة، والقيود، والتدابير المضادة). وتختتم الورقة بعرض النتائج وقائمة بالمصادر.

Abstract

This study explores Stephen Toulmin's model as one of the most fundamental frameworks of informal logic for analyzing practical arguments. The theory focuses on six core pillars (Claim, Data, Warrant, Backing, Qualifier, and Rebuttal) which together form a robust logical structure for any discourse. Conducted using a descriptive-analytical method, the research primarily aims to introduce the mechanisms of this model and how to implement them to transform simple statements into persuasive arguments. The findings indicate that Toulmin's model is more realistic than classical logic due to its consideration of the "argument field" and "degree of certainty." Furthermore, it emphasizes that the use of qualifiers and rebuttals provides significant strength to the discourse and protects it from faulty generalizations. Finally, this model is presented as a vital analytical tool for evaluating arguments in the fields of politics, law, and everyday conversation.

The importance of this study is that it presents a new model for discourse analysis that is more realistic than classical logic, and as a scientific tool that helps researchers distinguish solid arguments from unfounded claims. This work provides a context for understanding how language works in the realm of persuasion .

The main goal of this work is to identify in detail the mechanisms that make an argument sound and convincing. The paper attempts to provide a scientific definition of its components (advocacy, data, guarantees, support, limitations and countermeasures) and show how these different pillars combine to justify any intellectual and scientific opinion.

This paper consists of two main parts:

Part 1: (Characteristics and Background of Theory): Highlights the history of the theory and Tolmin's distinction between argument and analysis, with an explanation of the concept of the field of argument.

Section 2: (Principles of Argumentation): Devoted to analyzing the six main genres of the Tolmin model (claims, data, guarantees, support, constraints, countermeasures)The paper ends with a presentation of the conclusions and a list of sources

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ١٠

## بونیادنانی ئارگومێنتی تۆکمە لەژێر ڕۆشنایی مۆدێلی ستیڤن تۆڵمیندا


سامان واحد محمد

samanwahed234@gmail.com

پ.ی.د.ڕۆکان عبدالله محمد

rokanabdullah@garmian.edu.krd

زانکۆی گەرمیان/ کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت



**پوختەی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە باس لە مۆدێلی ستیڤن تۆڵمین دەکات, وەک یەکێک لە بنەما هەرە گرنگەکانی لۆژیکی نافەرمی بۆ شیکردنەوەی ئارگومێنتە کردارییەکان. تیۆرییەکە تیشک دەخاتە سەر شەش پایەی سەرەکی (بانگەشە، داتا، گرنتی، پشتگیری، سنووردارکەر، بەرپەرچدانەوە)، کە پێکەوە بونیادێکی لۆژیکیی تۆکمە بۆ هەر گوتارێک پێکدەهێنن. توێژینەوەکە بە میتۆدی وەسفی- شیکاری ئەنجامدراوە و ئامانجی سەرەکی کارەکە ناساندنی میکانیزمەکانی ئەم مۆدێلە و چۆنێتی جێبەجێکردنیانە بۆ گۆڕینی دەربڕینە سادەکان بۆ ئارگومێنتی ڕازیکەر. دەرئەنجامەکان دەریدەخەن, کە مۆدێلی تۆڵمین بەهۆی ڕەچاوکردنی بواری ئارگومێنت و پلەی دڵنیایی، لە لۆژیکی کلاسیک واقیعیترە، هەروەها جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە, کە بەکارهێنانی سنووردارکەر و بەرپەرچدانەوە، هێزێکی زۆر بە گوتار دەبەخشێت و لە گشتاندنی هەڵە دەیپارێزێت. لە کۆتاییدا ئەم مۆدێلە وەک کەرەستەیەکی شیکاریی گرنگ بۆ هەڵسەنگاندنی ئارگومێنت لە کایەکانی یاسا سیاسەت و گفتوگۆی ڕۆژانەدا دەخرێتە ڕوو.


پێشەکی:

کلیلە وشەکان: (مۆدێلی تۆڵمین، بانگەشە، داتا، گرنتی، لۆژیکی نافەرمی، قایلکردن).

۰-۱- ناونیشانی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە لەژێر ناونیشانی(بونیادنانی ئارگومێنتی تۆکمە لەژێر ڕۆشنایی مۆدێلی ستیڤن تۆڵمین)دایە، هەوڵێکە بۆ شیکاری و پێکهێنانی ئارگۆمێنتی ڕازیکەر لە چوارچێوەی گفتوگۆ و دەوروبەرە جیاوازەکاندا.

۰-۲- گرفتەکانی توێژینەوە

گرفتی سەرەکی بریتی بوو لە بەردەستنەبوونی سەرچاوەی کوردی، ئەمەش پرۆسەی وەرگێڕان و گواستنەوەی چەمکەکانی قورستر کرد، هەروەها مۆدێلەکە لە بنەڕەتدا بۆ بواری یاسایی دارژراوە و گونجاندنی لەگەڵ بوارەکانی تردا پێویستی بە وردبوونەوەی زۆر هەبوو.

**۰-۳- میتۆدی توێژینەوە:**

لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیەدا، پشت بە ڕێبازی (وەسفی-شیکاری) بەستراوە لە لایەنی وەسفییەکەدا، مێژووی سەرهەڵدانی مۆدێلەکە هەندێك سیمای و پێکهاتەکانی دەخرێنە ڕوو، لە لایەنە شیکارییەکەشدا، پەیوەندیی لۆژیکیی نێوان پایەکان شیکار دەکرێت و لە ڕێگەی نموونەی گریمانەیی و زانستییەوە، چۆنێتی بونیادنانی ئارگومێنتێکی سەرکەوتوو ڕوون دەکرێتەوە.

**۰-٤- گرنگی توێژینەوە:**

گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە, کە مۆدێلێکی نوێ بۆ شیکردنەوەی گوتار دەخاتە ڕوو, کە لە لۆژیکی کلاسیک واقیعیترە، هەروەها وەک کەرەستەیەکی زانستی هاوکاری توێژەران دەکات بۆ جیاکردنەوەی ئارگومێنتی تۆکمە لە بانگەشەی بێ بنەمادا. ئەم کارە زەمینەیەک بۆ تێگەیشتن لە چۆنێتی کارکردنی زمان لە بواری قایلکردندا دەڕەخسێنێت.

**۰-٥- ئامانجی توێژینەوە:**

ئامانجی سەرەکیی ئەم کارە، ناساندنی وردی ئەو میکانیزمانەیە, کە وادەکەن ئارگومێنتێک ببێتە ئارگومێنتێکی تۆکمە و ڕازیکەر. توێژینەوەکە هەوڵ دەدات پێناسەیەکی زانستی بۆ پێکهاتەکانی (بانگەشە، داتا، گرەنتی، پشتگیری، سنووردارکەر و بەرپەرچدانەوە) بکات و نیشانی بدات چۆن ئەم پایە جیاوازانە پێکەوە یەکانگیر دەبن بۆ ئەوەی ڕەوایەتی بدەنە هەر بۆچوونێکی هزری و زانستی.

**٦-٠- گریمانەی توێژینەوە:**

١- مۆدێلی تۆلمین بەهۆی بوونی پێکهاتەی (سنووردارکەر و بەرپەرچدانەوە) توانایەکی باڵای هەیە بۆ شیکردنەوەی ئارگومێنتە ئاڵۆزەکانی ژیانی ڕاستەقینە.

٢- پەیوەندیی نێوان داتا و بانگەشە بەبێ بوونی گرنتی و پشتگیرییەکی مەعریفی، ناتوانێت گوتارێکی پارێزراو لە ڕەخنەدا بونیاد بنێت.

٣ -هێزی ئارگومێنت بەپێی بواری ئارگومێنت دەگۆڕێت و ناکرێت یەک پێوەر بۆ هەموو جۆرە گوتارەکان بەکار بهێنرێت.

**٧-٠- سنور و کەرەستەی توێژینەوە:**

سنووری بابەتی ئەم توێژینەوەیە بۆ شیکردنەوەی تیۆریی ئارگومێنتسازیی (ستیڤن تۆلمین) تەرخانکراوە، لە ڕووی زمانەوانیشەوە بە زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی سنووردارکراوە، وەک کەرەستەش پشت بە کۆمەڵێک ڕستە و نموونەی بەرجەستەی بابەتیی ئەم زارە دەبەستێت، کە بۆ ڕوونکردنەوەی ڕەهەندە جیاوازەکانی تیۆرەکە بەکارهێنراون.

**٨-٠- پەیکەری توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە لە دوو بەشی سەرەکی پێکدێت:

بەشی یەکەم: (سیماو پاشخانی تیۆری): تیشک دەخاتە سەر مێژووی تیۆرییەکە و جیاکارییەکانی تۆڵمین لە نێوان ئارگۆمێنتی و شیکاری، لەگەڵ ڕوونکردنەوەی چەمکی بواری ئارگۆمێنت.

بەشی دووەم: (بنەماکانی ئارگۆمێنت): تەرخانکراوە بۆ شیکردنەوەی شەش ڕەگەزە سەرەکییەکەی مۆدێلی تۆڵمین (بانگەشە، داتا، گەرەنتی، پشتگیری، سنووردارکەر، بەرپەرچدانەوە)توێژینەوەکە بە خستنەڕووی ئەنجامەکان و لیستی سەرچاوەکان کۆتایی دێت.

**١- بەشی یەکەم: پاشخانی مێژوویی و هەندێ سیمای تیۆرییەکە:**

**١-١- مێژووی تیۆرەکە**

تیۆری ئارگۆمێنتسازی تۆلمین، یەکێکە لە گرنگترین و بەربڵاوترین ئەو تیۆرانەی, کە لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا وەک وەرچەرخانێکی جەوهەری لە بواری لۆژیک و ڕەوانبێژیدا سەریهەڵدا. بیرکردنەوەی تۆلمین لە بەرانبەر وەڵامدانەوەی پرسی بوونی سیستمێکی گەردوونی جێگیر بۆ شیکردنەوەی ئارگۆمێنتەکان، یان بوونی پێوەری جیاواز و تایبەتی بۆ هەر ئارگۆمێنتێک بەپێی بوارە جیاوازەکانیان، وزە و ئیلهامی پشت سەرهەڵدانی ئەم تیۆرەن، بۆیە بڵاوکردنەوەی کتێبی بەکارهێنانەکانی ئارگۆمێنت (The Uses of Argument)لە ساڵی (١٩٥٨) (یەکەم بڵاوکراوەیە, کە تێیدا تۆلمین بەشێوەیەکی سیستماتیک دیدەکانی خۆی لەسەر ئەم پرسیارانە خستووەتەڕوو Eemeren (Van et al, 1996: 130) ئەم تیۆرە وەڵامێک بوو بەرانبەر کەموکورتییەکانی لۆژیکی فەرمی.

بەدرێژایی ماوەی نێوان قۆناغی کلاسیک, تا دەگاتە سەردەمی مۆدێرن، لێکۆڵینەوە لە کایەی ئارگۆمێنتسازیدا بەشێوەیەکی ڕەها لەژێر هەژموونی لۆژیکی فەرمیدا بووە. لەم چەشنە لۆژیکەدا ئارگۆمێنتسازی هاوشێوەی کردارێکی بیرکاری لێکدەدرایەوە و وەک ئەنجامێک بوو بۆ خستنەسەریەکی دوو ژمارە. ئەم تێڕوانینە، کە ڕەگوریشەکەی بۆ لۆژیکی ئەرستۆ دەگەڕێتەوە، پەیوەستییەکی تەواو ڕەها لەنێوان پێشەکی و ئەنجام هەیە. لەم ڕوانگەیەوە، ئارگۆمێنتەکان تەنها وەک زنجیرەیەک پێشەکی و دەرئەنجامی لۆژیکی سەیر دەکران، بەڵام (تۆلمین) ئارگۆمێنت لە قاڵبێکی تیۆریی وشکەوە بۆ ئامرازێکی پراکتیکی و زیندوو دەگۆڕێت. ئەو پێیوایە ئارگۆمێنت پێکهاتەیەکی دینامیکی هەیە و وەک زیندەوەران خاوەنی کارلێکی ناوەکییە، هەر بۆیە ئاماژە بەوە دەکات, کە (ئارگۆمێنت وەک زیندەوەرێک وایە هەم

خاوەنی پێکهاتەیەکی گشتی و ئەناتۆمییە، هەم خاوەنی پێکهاتەیەکی وردتر و فیسیۆلۆژییە) ( Kaiser, 2019: 6). هەروەها تۆڵمین (بەڵگەی ئەوەی پیشاندا, کە پێوەرە ئەبستراکت و فەرمییەکانی لۆژیکی بیرکاری، پەیوەندی کەمیان هەبووە بەو ڕێگایانەی, کە بە ڕاستی بەکاریان دەهێنین لە ژیانی ڕۆژانەماندا بۆ هەڵسەنگاندنی ئارگۆمێنتەکان) (Hitchcock & Verheij, 2006: 1).

ئەم تێڕوانینە جیاواز بوو بەرانبەر ئەو ماوە زۆرەی باڵادەستی لۆژیکی فەرمی، چونکە پێوەری لۆژیکی فەرمی لەگەڵ هەموو کایەکانی ژیانی مرۆڤ یەکی نەدەگرتەوە، هەربۆیە (تۆڵمین پێوەرە نەگۆڕ و گەردوونییەکانی بۆ شیکردنەوە ئارگۆمێنتە ڕاستەقینەکان ڕەتکردەوە و مۆدێلەکەی وەک جێگرەوەیەک بۆ لۆژیکی وشک دانا تا تیۆرەکە پاشکۆی بوار و کۆنتێکستە جیاوازەکان بێت) (van Eemeren et al, 1996: 54). لەم ڕووەوە، تۆڵمین جۆرێکی نوێی لە شیکردنەوە داهێنا، چونکە (تۆڵمین جۆرێکی دەستکاریکراوی لە ئەنجامگیریی لۆژیکیی پۆلێنکاری داهێنا بۆ چارەسەرکردنی کەموکورتییەکانی شێوازی ئەنجامگیریی لۆژیکی بەتایبەت پشتگوێخستنی بارودۆخەکان و بێباکی بەرانبەر بە ڕاستی جەوهەری لە بەرانبەر ڕاستی شیکاریدا)(Ramage et al, 2016: 87.) وەک پاساوێکی زانستیش بۆ ئەم گۆڕانکارییە، ئاماژە بەوە کرا (ئەم مۆدێلەی ئارگۆمێنتسازی، بەقەد بەکارهێنانی لۆژیک توندوتۆڵ نییە، بەڵام بەڵگەی پێویست دابیندەکات، بەتایبەت لەبەر ئەوەی ڕێگە بە قبوڵکردنی عەقڵانی دەدات) (Zainuddin & Rafik-Galea, 2016: 116) ئەم دیدگایە بۆ شیکاری پێکهاتەی ئارگۆمێنتەکان و بەشداری بوارەکانی ژیانی مرۆڤ وەرچەرخانێکی بنەڕەتی بوو، چونکە(تۆڵمین پێکهاتەکەی خۆی بۆ شیکردنەوەی ئارگۆمێنتەکان لەنێو چوارچێوە کۆمەڵایەتی-مێژووییە جیاوازەکاندا وەک جێگرەوەیەک بەرانبەر بەکارهێنانی باوی لۆژیکی بیرکاری دانا، کە پێیوابوو بەڕاستی بۆ ئەم مەبەستە ناگونجێت) ( Bieda et al, 2022: 266)بە بڕوای ئەم ڕێبازە، لۆژیکی فەرمی چیتر وەڵامێکی گونجاو نییە بۆ شیکردنەوەی ئەو ئارگۆمێنتانەی, کە لە ژیانی ئاسایی و سروشتی مرۆڤدا بەشێوەیەکی بەردەوام و ڕۆژانە بەکاردەهێنرێن، بەڵکو دەبێت بەدوای مۆدێلێکی نەرمتردا بگەڕێین, کە توانای لێکدانەوەی گفتوگۆ زیندووەکانی هەبێت.

### ١-٢- سیماکانی تیۆری تۆڵمین:

### ١-٢-١- جیاکاری نێوان ئارگۆمێنتی شیکاری و جەوهەری.

بەرپەرچدانەوەی ڕەهایی لۆژیکی فەرمی لە لێکدانەوە و شیکاری ئارگومێنتەکاندا، ئەنجامی بیرکردنەوەی تۆڵمینە لە تێڕوانینی قوڵی بۆ ئارگومێنتە سادە و هەمیشە بەکارهاتووەکان لە ژیانی سروشتی مرۆڤدا. ئەمەش بەهۆی ئەوەوە بوو ستیڤن تۆڵمین تێبینی ئەو بۆشاییە گەورەیەی کرد، کە لە نێوان لۆژیکی فەرمی و ئارگومێنتەکانی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤدا بەشێوەی کرداری دەخرێنە ڕوو. یەکەم هەنگاوی بنەڕەتی بۆ داڕشتنی تیۆرەکەی، پێشکەشکردنی جیاکارییەک بوو کە بناغەی تێگەیشتنی ئەو بۆ ئارگومێنت پێکدەهێنێت. ئەو ئارگومێنتەکان بۆ دوو جۆری سەرەکی پۆلێندەکات: (ئارگومێنتی شیکاری (Analytic Argument) و (ئارگومێنتی جەوهەریSubstantial Argument). ئەم جیاکارییە کلیلی تێگەیشتنە لەوەی کە بۆچی مۆدێلەکانی لۆژیکی کۆن (کلاسیک) بۆ هەڵسەنگاندنی زۆربەی ئارگومێنتەکان بەشێوەیەکی هەمیشەیی و ڕەهایی ڕاست نین. گرنگترین پێوەری سەرەکیی تۆڵمین بۆ ئەم جیاکارییە زۆر ئاشکرا و ڕوونە، بەشێوەیەک هاوشێوەی پرسیارێکی سادەیە، کە بریتییە لەو پرسیارەی، ئایا ئەو ئەنجامەی (Conclusion) کە لە کۆتایی ئارگومێنتەکەدا پێی دەگەین زانیارییەکی نوێیە؟ ئایا هەمان ئەو زانیارییانەن کە لە پێشەکییەکاندا خراونەتە ڕوو؟ وەڵامی تۆڵمین بۆ

ئەمجۆرە پرسیارە تەواو جیاوازە لە دیدی لۆژیکییەکانەوە. (ئەگەر ئێمە بەپێی پێوەری دروستیی فۆرمی حوکمیان بەسەردا بدەین، زۆربەی ئەو ئارگومێنتانەی کە لە ژیانی ڕۆژانە یان لە بوارە ئەکادیمییەکاندا بە تەواوی بە قبوڵکراو دادەنرێن، دەبێت وەک نادروست (invalid) سەیر بکرێن) (van Eemeren et al. 2014: 209). ئەو ئەم دوو چەمکە بەم شێوەیە جیادەکاتەوە. بەرپەرچدانەوەی ڕەهایی لۆژیکی فەرمی لە لێکدانەوە و شیکردنەوە ئارگۆمێنتەکاندا، ئەنجامی بیرکردنەوەی تۆڵمینە لە تێڕوانینی قووڵی بۆ ئارگۆمێنتە سادە و هەمیشە بەکارهاتووەکان لە ژیانی سروشتی مرۆڤدا. ئەمەش بەهۆی ئەوەوە بوو ستیڤن تۆڵمین تێبینی ئەو بۆشاییە گەورەیەی کرد، کە لەنێوان لۆژیکی فەرمی و ئارگۆمێنتەکانی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤدا بەشێوەی کرداری دەخرێنەڕوو. یەکەم هەنگاوی بنەڕەتی بۆ دارشتنی تیۆرەکەی، پێشکەشکردنی جیاکارییەک بوو, کە بناغەی تێگەیشتنی ئەو بۆ ئارگۆمێنت پێکدەهێنێت. ئەو ئارگۆمێنتەکان بۆ دوو جۆری سەرەکی پۆلێندەکات (ئارگۆمێنتی شیکاریAnalytic Argument) و (ئارگۆمێنتی جەوهەریSubstantial Argument). ئەم جیاکارییە کلیلی تێگەیشتنە لەوەی, کە بۆچی مۆدێلەکانی لۆژیکی کۆن (کلاسیک) بۆ هەڵسەنگاندنی زۆربەی ئارگۆمێنتەکان بەشێوەیەکی هەمیشەیی و ڕەهایی ڕاست نین. گرنگترین پێوەری سەرەکی (تۆڵمین) بۆ ئەم جیاکارییە زۆر ئاشکرا و ڕوونە، بەشێوەیەک هاوشێوەی پرسیارێکی سادەیە، کە بریتییە لەو پرسیارەی، ئایا ئەو ئەنجامەی, کە لە کۆتایی ئارگۆمێنتەکەدا پێیدەگەین زانیارییەکی نوێیە؟ ئایا هەمان ئەو زانیارییانەن, کە لە پێشەکییەکاندا خراونەتەڕوو، وەڵامی تۆڵمین بۆ ئەمجۆرە پرسیارە تەواو جیاوازە لە دیدی لۆژیکییەکانەوە. (ئەگەر ئێمە بەپێی پێوەری دروستی فۆرمی حوکمیان بەسەردا بدەین، زۆربەی ئەو ئارگۆمێنتانەی, کە لە ژیانی ڕۆژانە, یان لە بوارە ئەکادیمییەکاندا بە تەواوی بە قبوڵکراو دادەنرێن، دەبێت وەک نادروست (invalid) سەیر بکرێن) (van Eemeren et al, 2014: 209). ئەو ئەم دوو چەمکە بەم شێوەیە جیادەکاتەوە.

### ١-٢-١-١- ئارگۆمێنتی شیکاری- Analytic Argument

ئەمجۆرە ئارگۆمێنتە، هیچ زانیارییەکی نوێ ناخاتە سەر ئەوەی, کە پێشتر لە پێشەکییەکاندا وتراوە. ئەنجامەکەی تەنها دووبارەکردنەوە, یان ڕوونکردنەوەی زانیارییەکانی پێش خۆیەتی (ئارگۆمێنتێک لە پێشەکییەوە بۆ ئەنجام بە شیکاری دادەنرێت ئەگەر تەنها پاڵپشت بێت بۆ ئەو گرەنتییەی, کە ڕێگە بەو هەنگاوە دەدات، بەشێوەیەکی ڕاشکاو, یان ناڕاشکاو، ئەو زانیارییەی لەخۆگرتبێت, کە لە خودی ئەنجامەکەدا هاتووە) (Toulmin, 2003: 116). بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری باسەکە با سەیری ئەم نموونە سادەیە بکەین:

**(١) پێشەکی١: هەموو ڕەبەنێک، هاوسەرگیری نەکردووە.**

**پێشەکی٢: ئارامیش ڕەبەنە.**

**ئەنجام: کەواتە، ئارام هاوسەرگیری نەکردووە.**

لێرەدا ئەنجامەکە بریتییە لە (ئارام هاوسەرگیری نەکردووە) ئەم ئەنجامە هیچ زانیارییەکی نوێی تێدا نییە، بەڵکو پێشتر لە واتای وشەی ڕەبەندا (100٪) زانیارییەکە بوونی هەیە، چونکە چەمکی ڕەبەن بەشێوەیەکی بنەڕەتی واتای هاوسەرگیری نەکردنی تێدایە، ئەمە نموونەیەکی ڕوونی ئارگومێنتی کلاسیکی شیکارییە.

### ١-٢-١-٢- ئارگومێنتی جەوهەری- Substantial Argument

ئەمجۆرە ئارگۆمێنتە بە پێچەوانەی جۆری یەکەمەوەیە، ئارگۆمێنتی جەوهەری ئەو جۆرەیە, کە زانیاری نوێ لە ئەنجامەکەیدا دەخرێتەڕوو، بەواتا گواستنەوە و خستنەڕووی پێشەکییەکان مەرج نییە ئەنجامەکەی دووبارەی زانیارییەکی خۆیان بن و تەنها دووبارەکردنەوەیان بێت، بەڵکو بازدانێکی ڕاستەقینەی تێدایە.( بە ناوبردنی ئارگۆمێنتەکان بە جەوهەری تۆڵمین ئاماژە بەو ڕاستییە دەکات، کە لەم ئارگۆمێنتانەدا پێشەکییەکان ئەنجامەکانیان لەخۆنەگرتووە، هۆکاری ئەمەش ئەوەیە، بەپێی بۆچوونی تۆڵمین، ئەنجامەکە پشت بە پێشەکییەکان دەبەستێت, کە لە جۆرێکی لۆژیکیی جیاوازن


Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 10
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

لەچاو ئەنجامەکە. ئارگۆمێنتە جەوهەرییەکان زۆرجار بازدانی جۆریی تێدایە) ( van Eemeren et , al٢٠١٤ :٢٠٩). ئەم نموونەیە باسەکە ڕوونتر دەکاتەوە:

**(٢) پێشەکی١: هەورێکی ڕەش ئاسمانی داپۆشیوە و هەورە بروسکە دەکات.**
**پێشەکی٢: هەورەکە دنیای تاریک کردووە.**
**ئەنجام: وا دیارە بارانێکی بەخوڕ دەبارێت.**

لەم نموونەیەدا، ئەنجامەکە (بارانێکی بەخوڕ دەبارێت) پێشبینییەکە لە (١٠٠٪) دا لەنێو پێشەکییەکەدا (ئاسمان هەورە) بوونی نییە, چونکە لەوانەیە باران نەبارێت. ئەمە بازدانە لە پێشەکییەکەوە بۆ ئەنجامێکی دیارینەکراو, یان بۆ ئەنجامێکی ئەگەریی، ئەمە کرۆکی ئارگۆمێنتی جەوهەری پێکدەهێنێت. ئەمجۆرە بازدانە وا لە ئارگۆمێنتەکان دەکات، کە لە ڕوانگەی لۆژیکی فەرمییەوە بە دروست دانەنرێت، چونکە ئەنجامەکەی بەشێوەیەکی بنەڕەتی لە پێشەکییەکانەوە نەخراوەتەڕوو. ئەم جیاکارییە بنچینەییەی تۆلمین، دیدگا و دەرگایەکی گرنگی کردەوە بۆ تێگەیشتن لە سروشتی ئارگۆمێنتەکان لە دەرەوەی چوارچێوە بەرتەسکەکەی لۆژیکی فەرمی و بایەخدان بە ئارگۆمێنتە کردارییەکانی ژیانی ڕاستەقینە. (گرنگی ئەم جیاکارییەی تۆلمین لەوەدایە, کە سنوورێک دادەنێت لەنێوان ئەو ئارگۆمێنتانەی, کە ئەنجامەکانیان ناچاری و پێشوەختەن (Deductively valid) بەتایبەتی ئەوانەی لە شێوەی پۆلێنکاریدان, لەگەڵ ئەو جۆرە زۆر و جیاوازانەی ئارگۆمێنت, کە لە بوارە جیاوازەکانی گفتوگۆدا (Field-dependent) بوونیان هەیە و بەشێوەی نا- ناچاری (Non-deductively) دروستن) (Hamby, 2012: 117 ).

**١-٣- چەمکی (بواری ئارگومێنت _Argument Fields) وەک وەڵامێک بۆ کەموکوڕییەکانی لۆژیکی فەرمی.**

دوای ئەوەی ستیفن تۆڵمین جیاوازی لەنێوان ئارگۆمێنتی شیکاری و جەوهەریدا کرد، هەنگاوێکی گرنگتری بۆ تێگەیشتن لە ئارگۆمێنتە کردارییەکان ناوە ، ئەویش لە ڕێگەی داهێنانی چەمکێکی نوێوەیە بە ناوی بواری ئارگۆمێنت (Field of Argument). تۆڵمین خۆی ئەم چەمکە بەم شێوەیە پێناسە دەکات (بۆ کورتکردنەوە، پێویستە زاراوەیەکی تەکنیکی بەکاربهێنین تا باسی بواری ئارگۆمێنتەکان بکەین. دەڵێین دوو ئارگۆمێنت سەر بە هەمان بوارن کاتێک داتا و ئەنجامەکان لە هەردوو ئارگۆمێنتەکەدا بە ڕیز لە هەمان جۆری لۆژیکیدا بن. دەڵێین لە بواری جیاوازەوە هاتوون کاتێک پاڵپشت, یان ئەنجامەکانی هەریەک لەو دوو ئارگۆمێنتە لە هەمان جۆری لۆژیکی نین) ( Toulmin, 2003: 14).

سەرەڕای گرنگی ئەم چەمکە، هەندێک لێکۆڵەر ڕەخنە لە ناڕوونییەکەی دەگرن (جەیمس فریمان) دەڵێت (خراپتر لەوە، وەک جۆنسن دەڵێت، ئەوەیە, کە خودی چەمکی بوار بە گشتی ناڕوونە) (Freeman, 2005: 93). بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم ناڕوونییە و تێگەیشتن لە داینامیکی بوارەکان، (لانگسدۆرف) ئاماژە بەوە دەکات, کە بوارەکان تەنها ناو نین، بەڵکو کۆنتێکستێکی زیندوون و دەڵێت (هەندێک لەو ناوەڕۆکانە (زانیاری ناو بوارەکان) تا ڕادەیەک جێگیرن و هەندێکی تریان دەگۆڕێن کاتێک بوارەکە زانیاریی نوێ لە توێژینەوە و بیرۆکەی زیاترەوە وەردەگرێت) (Langsdorf, 2011: 66).

لەسەر بنەمای ئەم بیرۆکەیە، تۆڵمین وشە و دەستەواژەکان لە پێکهاتەی ئارگۆمێنتەکاندا دابەشدەکات بۆ دوو جۆر ئەوانەی بوارسەربەخۆن (field-invariant) و ئەوانەی پشتبەستوو بە بوارن (field-dependent). ئەو پێیوایە پێوەرەکانی هەڵسەنگاندن پشت بە بوار دەبەستن، بەڵام هێزی زاراوە لۆژیکییەکان وەکیەک دەمێننەوە (هەموو ئەو پێوەرانەی بۆ ڕەخنەگرتن و هەڵسەنگاندنی

ئارگۆمێنتەکان بەکاردەهێنرێن، لە کرداردا بوار-پشت بەستوون، لە کاتێکدا هەموو زاراوەکانی هەڵسەنگاندنمان لە هێزیاندا بوارسەربەخۆن (Toulmin, 2003: 35)

بۆ ڕوونکردنەوەی چەمکی بوار و هێزی وشە وەک لایەنێکی گرنگ لە تیۆریی تۆڵمیندا، ئەم نموونەیە دەخەینەڕوو:

**(٣) ئەگەری زۆرە بەربژێری ژمارە دوو لەم هەڵبژاردنەدا بیباتەوە.**

لێرەدا دەستەواژەی (ئەگەری زۆرە) هێزێکی دیاریکراوی هەیە، کە ئاماژەیە بۆ ئەگەرێکی زۆر بەهێزی دەرچوون. بەڵام ئەو بەڵگەیەی بۆ پشتڕاستکردنەوەی بەکاردێت، دەکرێت لە بواری جیاوازەوە بخرێتەڕوو، بەم شێوەیە:

**_ لە بواری گفتوگۆی ڕۆژانەدا:**

ئەگەر ئاخێوەر هاوڕێیەک, یان ئەندامێکی هەمان پارتی سیاسی بێت، لەوانەیە بڵێت: (قسەم لەگەڵ هەر کەس کردووە دەڵێن دەنگی پێدەدەین، ناوبانگێکی باشی لە سۆشیال میدیادا هەیە، زۆر بەناوبانگە.) ئەم بەڵگەیە بریتییە لە چاودێری و تێبینی کەسی و ئەمجۆرە دەربڕینانە لە گفتوگۆی ئاسایی و ڕۆژانەدا باوە.

**_ لە بواری ئامار و ڕاپرسی زانستیدا:**

ڕەنگە کەسێکی ئەکادیمی, یان میدیاکارێک هەمان دەربڕین بڵێتەوە و بڵێت: (ئەگەری زۆرە بەربژێری ژمارە دوو لەم هەڵبژاردنەدا بیباتەوە.) لێرەدا سەرچاوەی بەڵگەکە جیاوازە، چونکە بەڵگەکە پشت بە ڕاپرسی، ئامار و لێکدانەوەی زانستی شارەزایانی بوارەکە دەبەستێت. وەک ئەوەی ئەنجامی ڕاپرسییەک بخاتەڕوو, کە تێیدا لە کۆی (١٠٠٠) کەس، (٦٠٪) ی بەشداربووان پاڵپشتی خۆیان بۆ بەربژێرەکە نیشانداوە. لێرەدا، بەڵگەکە بریتییە لە داتای ئاماری و ئەنجامی ڕاپرسی زانستی.

بەم شێوەیە دەبینین, کە هێزی وشەی (ئەگەری زۆرە) لە هەردوو بوارەکەدا هەمان هێزی هەیە (ئاماژە بە ئەگەرێکی بەرز دەکات)، بەڵام ئەو پێوەر و بەڵگەیەی بۆ سەلماندنی ئارگۆمێنتەکە بەکاردێت، بەپێی بوارەکە (گفتوگۆی ڕۆژانە, یان ڕاپرسی و ئاماری زانستی) بە تەواوی جیاوازە، چونکە لە بنەڕەتدا (ئەو جۆرە پاڵپشتەی, کە بۆ ئارگۆمێنتێکی دیاریکراو قبوڵدەکرێت، پەیوەستە بەو بوارەی, کە ئەو ئارگۆمێنتەی تێیدایە) (Langsdorf, 2011: 63).

**بەشی دووەم:**
**٢-١- بنەماکانی تۆڵمین بۆ ئارگۆمێنت:**

پاش بەرهەڵستی تۆڵمین و هەوڵەکانی بۆ وەلانانی بیری کلاسیکی بۆ شیکردنەوە ئارگۆمێنتەکان، بایەخدان بە ئارگۆمێنتەکانی ژیانی ئاسایی، هەروەها نیشاندانی جیاوازی ڕاستەوخۆی نێوان دوو جۆرە ئارگۆمێنتی (شیکاری، جەوهەری)، هەروەها جیاکردنەوەی هێزی دەستەواژەکان لە چوارچێوەی بەکارهێنان و دیاریکردنی بواری سەربەخۆ و پشتبەستووی وشەکان، تۆڵمین وەک ڕەخنەگرێک لە پاڵ ڕەخنەکانی لە بیرە کلاسیەکانی ئارگۆمێنت، تیۆرییەکی نوێی دارشت ئامانجەکەی بەجۆرێک بوو، کە بتوانێت شیکاری ئارگۆمێنتەکان بکات لە ڕووی بنیاتنان و چۆنیەتی پێکهێنانەوە.

(تۆڵمین) لە دارشتنی تیۆرییەکەیدا ئامانجی ئەوەبوو بتوانێت بگاتە شیکردنەوە بۆ ئارگۆمێنتە ئاڵۆزەکانی ژیانی ئاسایی و ژیانی ڕاستەقینە، بۆ ئەم مەبەستە تۆڵمین بیر و ئیلهامی سەرەکی لە بواری یاسا و چۆنیەتی بەڕێوەچوونی پرۆسەی دادگایکردنەوە وەرگرت، ئەو پێیوابوو, کە کرداری ئارگۆمێنتسازی لە ژیانی ئاساییدا هاوشێوەی پرۆسەیەکی دادگاییکردنە، نەک ئەوەی پرسێکی وشکی سەلماندنی ئەنجامێک



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 10
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

بێت پەیوەست بە دوو پێشەکی دیکەوە، وەک ئەوەی لۆژیکی فەرمی چەسپاندبوونی. تۆلمین لە کتێبی بەکارهێنانەکانی ئارگۆمێنتدا، دەڵێت: (ئارگۆمێنتەکان دەکرێت بەراورد بکرێن بە داوا یاساییەکان و ئەو داواکارییانەی, کە لە چوارچێوە نایاساییەکاندا دەیکەین و ئارگۆمێنتیان بۆ دەکەین، لەگەڵ ئەو داواکارییانەی لە دادگاکاندا دەکرێن، لە کاتێکدا ئەو کەیسانەی, کە بۆ سەلماندنی هەر جۆرە داواکارییەک پێشکەشی دەکەین، دەکرێت لەگەڵ یەکتردا بەراورد بکرێن) (Toulmin, 2003: 7).

لێرەوە ئەم تێڕوانینە یاساییە بووە بنچینەیەک بۆ دارشتنی مۆدێلێکی کرداری, کە بتوانێت شیکردنەوە بۆ ئارگۆمێنتە ڕاستەقینەکانی ژیانی ئاسایی بکات، بەهۆیەوە تۆلمین مۆدێلێکی شیکردنەوەی کاریگەری بۆ شیکردنەوەی ئارگۆمێنتەکان داهێنا، کە هاوکار و یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتن لە خودی پێکهاتەی ناوەکی هەر ئارگۆمێنتێک و هەڵسەنگاندنی خاڵە بەهێز و لاوازەکانی.

دەتوانین بڵێین مۆدێلەکەی تۆلمین وەک نەخشەیەکی ڕوون و کرداری خۆی دەنوێنێت. ئەم مۆدێلە لە بنەڕەتدا وەک قۆناغی یەکەم لەسەر سێ بنەمایی سەرەکی وەستاوە. تۆلمین بە نموونەیەک, کە بریتییە لە **(هاری ڕەگەزنامەی بەریتانی هەیە.)** ئەم سێ بنەمایە دەخاتەڕوو:

١. **داتا (Data)**: هاری لە بێرمودا لەدایکبووە، بەواتا بەپێی داتا و بەڵگەی تۆمارکراو هاری لەو ناوچە لەدایکبووە، کە بە بێرمۆ ناسراوە. وەڵامە بۆ پرسیاری چ جۆرە بەڵگەیەک هەیە بیسەلمێنێت؟

٢. **گرەنتی (Warrant)**: کەسێک کە لە بێرمودا لەدایکبوبێت، ڕەگەزنامەی بەریتانییە, واتە بەپێی یاسای وڵاتی بەریتانیا لەدایکبوونی هەر منداڵێک لە ناوچەیەک لە سنووری فەرمی ئەو وڵاتەدا، بە خەڵکی ئەو وڵاتە دەژمێردرێت. ئەمە وەک پاساوێک بۆ گەیاندنی ئارگۆمێنتەکەی، هاوکاریی ئارگۆمێنتساز دەکات.، ئەمجۆرە پێکهاتەیە ڕۆڵی ناوندگر دەبینێت، بەواتا پردی بەیەکگەیاندنی نێوان هەردوو پێکهاتەی (بانگەشە و داتا) یە، پەیوەندی لۆژیکی لەنێوان هەردوو بەشەکەدا دادەنێت. وەڵامی پرسیاری (چۆن دەیسەلمێنیت؟) دەداتەوە.

٣. **بانگەشە (Claim)**: (هاری هاوڵاتییەکی بەریتانییە)، ئەمە ئامانجی ئارگۆمێنتسازە و بەهۆی یارمەتیدەرەکانی پێشوو هیوای بە گەیاندنی هەیە. ئەمجۆرە پێکهاتە وەڵامی پرسیاری (دەتەوێ چی بڵێیت؟) دەداتەوە. بڕوانە: (Toulmin, 2003: 97-89) (Van Eemeren et al, 1996: 139-142)

ئەمانە سێ بنەمای سەرەتای و بنچینەی تیۆرەکەن. لەم هێڵکارییەدا دەخرێنە ڕوو:



**هێڵکاری (١) (بنەما بنەڕەتییەکانی ئارگۆمێنت لای تۆڵمین)**

تۆڵمین هەر لێرەدا نەوەستا، ئەو زوو درکی بەوە کرد، کە ئارگۆمێنتەکانی ژیانی ڕاستەقینە هەمیشە هێندە سادە نین. ئەو پرسیارانەی دەکرێت لە چوارچێوەی پەیوەندیکردنەکە و خستنەڕووی ئارگۆمێنتەکەدا بێنە کایەوە، پێویستیان بە ڕوونکردنەوە هەیە، دەبێت ڕێکارێک هەبێت و پێکهاتەی دیکە وەڵامی گونجاوی پێویستی بداتەوە. بۆ نموونە، لەوانەیە کەسێک بپرسێت ئایا ئەم یاسایە هەمیشە ڕاستە؟ یان ئەگەر دایک و باوکی بیانی بوون چی؟ یان ئایا دەتوانی بە تەواوی دڵنیابیت لەم ئەنجامە؟ لێرەدا تۆڵمین پێویستی بەوردی و قووڵبوونەوەی زیاتر هەبوو.

بۆ ئەوەی مۆدێلەکەی توانای شیکردنەوەی ئارگۆمێنتە ئاڵۆزەکانیشی هەبێت، سێ پێکهاتەی دیکەی لە چوارچێوەی شیکردنەوە و پێکهێنانی ئارگۆمێنتەکاندا زیادکرد، کە وردبینیی زیاتر بە شیکردنەوەکە دەبەخشن، چونکە وەک باسدەکرێت، (سێ بەشە ئارەزوومەندانەکە پشتگیری، سنووردارکەر، بەرپەرچدانەوە هانی ئاڵوگۆڕی بیروڕا و زەمینەی هاوبەش دەدەن، چونکە داوا لە مشتومڕکەر دەکەن, کە هەم پێشبینی دیدگا و بۆچوونەکانی تر بکات، هەم بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دانیان پێدابنێت، وەڵامیان بداتەوە) (Zainuddin & Rafik-Galea, 2016: 116). ئەم شەش بنەمایە پێکەوە بناغەکانی ئارگۆمێنتێکی گونجاو پێکدەهێنن، وێنەیەکی گشتگیر و وردبینانە بۆ هەر ئارگۆمێنتێک دابیندەکەن. لە هەنگاوەکانی داهاتوودا، هەریەک لەم پێکهاتانە بەوردی دەخەینەڕوو.

**2-١-١-بانگەشە- Claim**

سروشتی مرۆڤ وایە لە ژیانی ڕۆژانەماندا، هەمیشە بەردەوامین لە گفتوگۆکردن و گواستنەوەی بیروڕاکانمان. ئەم دەربڕینانە هەندێک جار ئێمە دەباتە قۆناغێکی ئاڵۆزتر، کە بە جیهانی ئارگۆمێنتسازی ناودەبرێت. ئەم کردارە ئێمە لە ئاخێوەرێکی سادەوە دەکات بە دارێژەری بانگەشەیەک, کە ناوکی گفتوگۆکەمان پێکدەهێنێت و ئاراستەی بۆچوونە هزرییەکانمان دیاریدەکات.
ئەم لایەنە بە ڕوونی لەو تێڕوانینەدا دەردەکەوێت، کە پێیوایە (ئارگۆمێنت بریتییە لە کۆمەڵێک بانگەشە, کە تێیدا یەکێک, یان زیاتر لەوانە وەک پێشەکی دەخرێنەڕوو بۆ ئەوەی ببنە هۆکار بۆ پشتگیریکردنی بانگەشەیەکی تر, کە ئەنجامی پێدەوترێت. کاتێک ئارگۆمێنتێک پێشکەشدەکەین، هەوڵدەدەین لە ڕێگەی هێنانەوەی هۆکار, یان بەڵگە، کەسانی تر ڕازیبکەین، بەو بانگەشانەی, کە کردوومانن) (Govier, 2014: 1) . خەسڵەتی دیاری ئەم بانگەشەیە ئەوەیە، کە نرخێکی وای هەبێت بتوانرێت گفتوگۆی لەسەر بکرێت، بەواتا نابێت ڕاستییەکی سادە و بێ مشتومڕ بێت، ئەگەرچی ڕاست بێت, یان نا، کەواتە (بانگەشە ڕستەیەکە شتێک دەخاتە ڕوو, کە لەوانەیە ڕاست, یان هەڵە بێت، بۆیە پێویستی بە پشتیوانی هەیە) (Booth et al .2008: 110).

کەواتە لە چوارچێوەی هەر ئارگۆمێنتێکدا (بانگەشە بریتییە لەو خاڵەی دەخرێتەڕوو بۆ ئەوەی پشتگیری بکرێت) (Siregar et al, 2021: 99) . پێناسەی ئەم نووسەرانە دوو ڕووی گرنگی بانگەشەمان بۆ ڕووندەکاتەوە:

١. بانگەشە هەمیشە چاوەڕوانی ڕاستی بوونی لێناکرێت، بەڵکو چەمکێکی گوماناوییە, بەواتا نە ڕاستییەکی ڕەهایە و نە هەڵەیەکی ڕوون، بەڵکو لە شوێنێکدایە, کە ئەگەری هەردووکیانی هەیە.

٢. هیچ بانگەشەیەک بێ پشتیوان نییە، بەڵکو هەمیشە بانگەشە لە هەر چوارچێوەیەکدا بێت پێویستی بە کەرەستەی چەسپاندن هەیە، وەک داتا و بەڵگەی فەرمی بۆ ئەوەی بانگەشە بەرەو کەناری وەرگرتن ببات، بەمەش (لە بنەڕەتدا کەسێک, کە ئارگۆمێنتێک بۆ هەڵوێستێک پێشکەشدەکات،

بانگەشەیەک دەکات، هۆکار دابیندەکات، بۆ پشتگیریکردنی ئەو بانگەشەیە، و ئاماژە بەوە دەکات, کە پێشەکییەکان وایلێدەکەن قبوڵکردنی دەرئەنجامەکە لۆژیکی بێت) (Govier, 2014: 3).

بەم شێوازە تەواوی دەربڕینەکان ناوکێکیان هەیە، کە هەموو پێکهاتەکانی گفتوگۆکە هەوڵی گەیاندنی دەدەن. بانگەشەکان بەپێی بیر و مەبەستەکان ڕێژەیان فراوان دەبێت و بیرمەندانی ئەم بوارە وەک (دەیڤد زاریفسکی) و (ئەندریا لەنسفۆرد و جۆن ڕوزکیڤیچ) چەندین جۆری بانگەشە دیاریدەکەن، لەوانە:

١- **بانگەشەی ڕاستی:** ئەمجۆرەیان (وەسفکردنی واقیع لەخۆدەگرن و جەخت لەوە دەکەنەوە، کە شتێک چۆنە, یان لە داهاتوودا چۆن دەبێت) (Zarefsky, 2019: 64). بەواتا ئەم چەشنە لە بانگەشە ڕاستییەکان نیشاندەدەن، هەروەها ڕووی ڕاستەقینەی جیهان دەکێشن بەو شێوازەی، کە هەیە گریمانەی داهاتووی بۆ دەکەن. بۆ نموونە:

**(٤) ڕێژەی دەنگدان بە قەبارەی بانگەشەی گەرموگوڕی پارتە سیاسییەکان نییە.**

٢- **بانگەشەی پێناسە:** ئەمجۆرە (ئارگۆمێنتێکە تێیدا بانگەشەکە دیاریدەکات, کە ئایا شتێک مەرجەکان, یان تایبەتمەندییەکانی نێو پێناسەیەک جێبەجێدەکات, یان نا) (Lunsford & Ruszkiewicz, 2010: 601). لێرەدا سازکردنی ئارگۆمێنتەکە لەسەر خودی ڕاستی و دروستی شتێک نییە، بەڵکو لە چوارچێوەی گوتارەکەدا ئامانج لە بانگەشەکە دیاریکردنی جۆر و چۆنیەتی پۆلێنکردنی شتەکان و کردارەکانە, یان ناوی لێدەنێین. بۆ نموونە:

**(٥) ئایا مادە وزەبەخشەکان لە خانەی چارەسەرە خۆراکییەکاندا پۆلێندەکرێن؟**

٣- **بانگەشەی بەها:** لێرەدا (حوکمدان لەخۆدەگرێت، حوکمدانیش بریتییە لە نرخاندن, یان هەڵسەنگاندن) (Zarefsky, 2019: 66). ئەمە جۆرێکی تایبەتە و ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە هەڵبژاردن و دیاریکردنی لایەنی باش, یان خراپ، ڕەوا, یان ناڕەوای شت و کردارەکان. بۆ نموونە :

**(٦) بڕیاری ڕیفراندۆم کاتەکەی گونجاو نەبوو.**

٤- **بانگەشەی ڕێکاری:** ئەمجۆرە (ئارگۆمێنتێکە, کە تێیدا بانگەشەیەک دەکرێت لە بەرژەوەندی, یان دژی خولێکی دیاریکراوی کارکردن) (Lunsford & Ruszkiewicz, 2010: 605). ئەمانە ڕاستەوخۆ داوای کردار دەکەن و زۆربەی کات وشەکانی وەک (پێویستە، دەبێت، ئەرکە...) بەکاردەهێنن. بۆ نموونە:

**(٧) پێویستە حکومەت لە سیستمی پەروەردەدا چاکسازی بکات.**

دەرئەنجامی ئەم چەشنانە دەمانگەیەنێتە ئەو باوەڕەی تۆڵمین، کە ئارگۆمێنت لە چوارچێوەی کاری پراکتیکی مرۆڤدایە. ئەو پێیوایە: (ئەگەر کەسێک وتەیەک بڵێت، ئەوا خۆی پێوە پابەنددەکات، ئەو بانگەشەیەکی خستووەتەڕوو، ئەم بانگەشەیە ئێستا کراوەیە بۆ بەرەنگاربوونەوە و دەبێت بتوانێت نیشانیبدات، کە بانگەشەکەی باش و بناغەدارە) (Toulmin, 2003: 12). ئەم وتەیەی تۆڵمین دوو لایەن دەخوێنێتەوە **یەکەم:** پابەندبوون و بەرپرسیارێتی ئاخێوەر بەرانبەر بە دەربڕینەکەی. **دووەم:** کرانەوەی بانگەشە لە بەرانبەر ڕەخنە و گفتوگۆدا. بە کورتی بانگەشە بە ڕادەیەکی زۆر سەنگ و قورسایی ئارگۆمێنتەکان نیشاندەدات، کە دیاریکەری بوار و ئاراستەی ئارگۆمێنتەکەیە. هەروەها دەکرێت ئاشکرا و ڕاستەوخۆ بێت، یان شاراوە بێت و لە کۆی ئارگۆمێنتەکەوە بخوێنرێتەوە.

**٢-١-٢-داتا- Data**

هەر بانگەشەیەک ئێمە دەیکەین، ئامانج ناپێکێت تا بناغەکانی سەلماندنی بەهێز نەبن. لێرەدا داتا ئەو بناغەیەیە, کە بانگەشەی لەسەر دەوەستێت، چونکە پرسیاری یەکەم لە دوای بیستنی هەر

بانگەشەیەک ئەوەیە لەسەر چ بنەمایەک ئەم بانگەشەیە دەکرێت؟ ئەم پرسیارە زەمینە بۆ بنەمای دووەم خۆشدەکات، لە مۆدێلی تۆڵمیندا, کە بریتییە لە داتا لەم مۆدێلەدا داتا بریتییە لە (چەندین فۆرمی جیاواز وەک ڕاستییەکان، بەڵگەکان، گوزارشتە بێگومانەکان، زانیارییە وردەکان, یان زانیارییە گشتییەکان و شێوازەکان, یان تەنانەت پەیوەندییە ماتماتیکییەکان, کە پێکەوە وەک بناغە و سەرچاوەیەک بۆ لادانی لۆژیکی بەرەو بانگەشەکان کاردەکەن، هەروەها ڕۆڵی پشتگیریکەر و پاساودەر دەگێڕن بۆ ڕێبەریکردنی ئارگۆمێنتەکە بەرەو دەرەنجامی کۆتایی) (Demiray et al, 2023: 52)خودی (تۆڵمین) ئەم ڕۆڵە پشتڕاستدەکاتەوە و دەڵێت: (ئەگەر بانگەشەکانمان خرایە ژێر پرسیارەوە، ئەوا ئەرکی ئێمەیە، کە پەنا بۆ ئەو ڕاستییانە بەرین و وەک ئەو بناغەیە پێشکەشیان بکەین, کە بانگەشەکەمانی لەسەر بنیات نراوە)(Toulmin, 2003: 90) داتا سروشتێکی جۆراوجۆری هەیە و لە بابەتێکەوە بۆ بابەتێکی تر دەگۆڕێت، بەواتا (بەپێی جۆری ئەو بانگەشەیەی گەنگەشەی لەسەر دەکرێت، دەکرێت ئەم داتایانە جۆراوجۆر بن وەکو تێبینی ئەزموونی، زانیاریی باوی گشتی، داتای ئاماری، شایەتحاڵی کەسی، ئەو بانگەشانەی پێشتر چەسپێنراون، یان هەر داتایەکی دیکەی بابەتی لەم شێوانە)(Toulmin et al, 1979: 25) .

لە لایەکی ترەوە، تۆڵمین و هاوکارانی جەخت لەوە دەکەنەوە, کە مەرج نییە داتا, تەنها زانیاریی نوێ و تازە سەلمێنراوبێت، (بەڵکو کۆمەڵێک جۆری بەربڵاو لە زانیاری هەن, کە دەکرێت پشتگیری لە بانگەشەی تایبەت بکەن وەک: شایەتحاڵی زارەکی، ڕاستییە ئاشکراکان یان تێبینییەکانی ژیریی گشتی (عەقڵی سەلیم)، وەبیرهێنانەوەی ئەو شتانەی بە ئاسانی فەرامۆش دەکرێن، ڕاپۆرتە مێژووییەکان و دەقە وردەکانی پێشینەی یاسایی) (Toulmin et al.,1979: 38).

گرنگی داتا لەوەدایە, کە خاڵی دەستپێکی هاوبەشی نێوان ئارگۆمێنتساز و وەرگر پێکدەهێنێت. بۆ ئەمەش (دەیڤد زاریفسکی) دەڵێت: (بۆ ئەوەی ئارگۆمێنتێک سەرکەوتوو بێت، پێویستە هەردوو لایەن پەسەندی بکەن، کە ئەو بەڵگەیەی پشتی پێ دەبەستێت ڕاستە (Zarefsky, 2019: 34). هەروەها دەتوانرێت بڵێین: (داتا بریتییە لە نەخشەیەک, کە پێشبینییەکان دەبەستێتەوە بە دەرئەنجامەکانەوە) (Hitchcock & Verheij, 2006: 56). بەبێ بوونی داتایەکی بەهێز، بانگەشەکە هێزی وەڵامدانەوە و ڕازیکردنی لاواز دەبێت، بۆیە بوونی ئەم پێکهاتەیە بنچینەیەکە بەرەو ئارگۆمێنتێکی سەرکەوتوو. بۆ نموونە کەسێک بەهۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەی کوشتن لە کۆمەڵگەدا، بانگەشەی ئەوە دەکات، کە:

**(٨) پێویستە سزای لەسێدارەدان بەسەر زۆربەی بکوژەکاندا جێبەجێبکرێت.**

ئەم بانگەشەیە لەخۆوە ناگوترێت بەبێ بوونی زانیاری و داتای پێشوەختە، بەڵکو داتای ئارگۆمێنتساز لێرەدا بریتی دەبێت لە تۆمارە فەرمییەکان, یان ئەنجامی خوێندنەوەی ڕاپۆرتەکان لەسەر بەرزبوونەوەی ڕێژەی تاوانەکان لە کۆمەڵگادا، بەم شێوازە داتا ئەو کەرەستە خاو و ڕاستییەیە، کە بانگەشەکەی لەسەر بنیاد دەنرێت، بۆچوونی تایبەتی دەگۆڕێت بۆ ئارگۆمێنتێکی بەهێز، ئەم چەمکە تەنها بە بوارێکەوە سنووردار نییە، بەڵکو لە هەموو کایەکانی ژیاندا، (سیاسەت، ئابوری، پزیشکی پەروەردە...) ڕۆڵی بنەڕەتی دەبینێت. زۆرجار ئەم داتایانە لە ڕێگەی چاودێری و ئەزموونی مەیدانییەوە بەدەست دێن و دەبنە بناغەی دروستکردنی هەر ئارگۆمێنتێکی بەهێز.

**٢-١-٣-گرەنتی- Warrant**

پاش خستنەڕووی (بانگەشە، داتا), کە دوو بنەمای گرنگی هەر ئارگۆمێنتێکن، ئەمان بە تەنها بەس نین بۆ ڕازیکردنی وەرگر، چونکە هێشتا پەیوەندیی نێوان بەڵگە و ئەنجامەکە لێڵە. لێرەدا پرسیارێکی جەوهەری دێتە ئاراوە: (ئەم داتایانە چۆن و لە ڕێگەی چ پەیوەندییەکی لۆژیکییەوە بانگەشەکە

دەسەلمێنن؟). بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە (تۆڵمین) بنەمایی سێیەم وەک پردێکی لۆژیکی دەخاتەڕوو, کە بریتییە لە گرەنتی .وەک (زەینەدین و ڕەفیق گالێیا) ئاماژەی پێدەدەن: (گرەنتی ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت، چونکە پردێک لەنێوان داتا و بانگەشەدا دروستدەکات( ( Zainuddin and Rafik Galea, 2016:116).

(تۆڵمین) خۆی گرەنتی بەم شێوەیە پێناسە دەکات: (لێدوانگەلێکی گشتی، گریمانەیین، کە دەتوانن وەک پردێک کار بکەن و ڕێگە بەو جۆرە هەنگاوە بدەن، کە ئارگۆمێنتە تایبەتەکەی ئێمە پێیوە پابەندە) (Toulmin, 2003: 91). بە واتایەکی تر، گرەنتی ئەو یاسا گشتییەیە، کە ڕەوایی دەدات بەوەی, کە داتاکان دەبنە پشتگیر بۆ بانگەشەکە. تۆڵمین لە نموونەی (هاری)دا ئەمە ڕووندەکاتەوە، کاتێک داتاکە بریتییە لە (هاری لە بێرمودا لەدایکبووە) و بانگەشەکەش (هاری هاوڵاتییەکی بەریتانییە)، گرەنتییەکە بریتییە لەو یاسا گشتییەی, کە دەڵێت: (پیاوێک, کە لە بێرمودا لەدایک بووبێت، بەشێوەیەکی گشتی هاوڵاتییەکی بەریتانی دەبێت) (سەرچاوەی پێشوو: ٩٢) شایەنی باسە گرەنتییەکان تەنها یەک جۆر نیین، دەکرێت لەسەر بنەمای گشتگیرکردن، لێکچوون (Analogy), یان نیشانە (Sign) بن, هەروەها دەکرێت پشت بە پەیوەندی هۆکار و ئەنجام (Causal), یان بەهای ڕەوشتیانە ببەستن. ئەم فرەجۆرییە یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتن لە بناغە جیاوازەکانی ئارگۆمێنتسازی (Booth et al, 2008:167) (van Eemeren et al, 2014:19-12) بۆ نموونە، ئەگەر کەسێک بانگەشە بکات کە:

**(٩) کەرتی تەندروستی لە کوردستان پاشەکشەی کردووە.**

وەک داتا ئاماژە بە (کەمیی دەرمان لە سلێمانی، کەمی و بچوکی نەخۆشخانەکان لە هەولێر، کەمی پزیشکی پسپۆڕ لە سەنتەری شاری دهۆک) دەکات، ئەوا لێرەدا گرەنتییەکە بریتییە لە (گشتگیرکردن). بەواتا ئارگۆمێنتساز وا گریمانەدەکات، کە بوونی گرفت لە ناوەندە سەرەکییەکاندا بەسە, وەک نیشانەیەک بۆ هەبوونی قەیران لە تەواوی سیستەمەکەدا. بەبێ ئەم گرەنتییە، وەرگر دەتوانێت بڵێت ئەم کێشانە تەنها لەو سێ شوێنەن و گشتگیر نیین.

خاڵێکی گرنگی ئەم بنەمایە ئەوەیە، کە زۆرجار بەشێوەی شاراوە دەمێنێتەوە، چونکە وەک زانیارییەکی هاوبەش لەنێوان گوێگر و ئارگۆمێنتسازدا دادەنرێت, هەر بۆیە (بۆس)و هاوکارەکانی دەڵێن: (توێژەرە پێشکەوتووەکان بە دەگمەن گرەنتییەکان لە ڕاپۆرتەکانیاندا باسدەکەن، چونکە وادادەنێن، کە خوێنەرەکانیان دەیانزانن)(Booth et al,2008:154). جیاوازی سەرەکی داتا و گرەنتی لەوەدایە، کە داتا ڕاستییەکی تایبەتە بۆ کەیسەکە، بەڵام گرەنتی بنەمایەکی گشتییە. وەک لە کتێبی بنەماکانی تیۆری ئارگۆمێنتدا هاتووە: (داتا ئەو ڕاستییانەیە, کە وەک بناغە بەکاریان دەهێنین، گرەنتی ئەو بنەما گشتییەیە, کە پاساو بۆ هەنگاونان لە داتاوە بەرەو بانگەشەکە دەهێنێتەوە) ( van Eemeren et al,1996:140). لە کۆتاییدا، گرەنتییەکان سروشتێکی یاساییان هەیە و بۆ سەلماندنی ڕاستیبوونی خودی گرەنتییەکە پێویستییان بە پشتگیری هەیە, بەبێ بوونی گرەنتییەکی پەسەندکراو، ئارگۆمێنتەکە لەلایەن وەرگرەوە وەک بازێکی بێ بنەما لە داتاوە بۆ ئەنجام دەبینرێت، ئەمەش وادەکات پاراستنی لۆژیکیی بانگەشەکە مەحاڵ بێت.

### ٢-١-٤-پشتگیری- Backing

ئەوەی ڕێگە بە گرەنتی دەدات ببێتە بەستەری نێوان (بانگەشە، داتا) بریتییە لە پشتگیری, کە ناوەڕۆکی گرەنتییەکە پێکدەهێنێت، وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە، کە ئەم بەستەرە لەسەرچی بناغەیەک ڕاوەستاوە؟ پشتگیری ئەو بنەما زانیاری و بەڵگەنامە پتەوانەیە، کە ڕەوایەتی و باوەڕپێکراوی دەبەخشێت بە خودی گرەنتییەکە، زۆرجار بووە بە زانیاری کۆزانیاری گشتی. بە واتایەکی دیکە، بەڵگەیەکە بۆ سەلماندنی دروستی ئەو بنەما گشتییەی, کە ئارگۆمێنتەکەی لەسەر دامەزراوە.

پشتگیری وەک ڕەگەزێکی یاریدەدەر لە مۆدێلی تۆڵمیندا کاردەکات. بەجۆرێک, کە زانیاری و بەڵگەی زیادە بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی متمانە و بەهێزکردنی گرەنتییەکە پێشکەشدەکات، ئەرکی سەرەکی پشتگیری ئەوەیە، ئەو پاساوانەی داتا بە بانگەشەکەوە دەبەستنەوە، بکاتە بنەمایەکی جێگیر. بەواتا (پشتگیری ئەو دەربڕینەیە، کە متمانە پێکراوی گرەنتی زیاددەکات) (Adalı et al, 2023: 19). بۆیە پشتگیرییەکان ئەو فۆرمە چەسپاوانەن, یان (بریتییە لە تۆمارکردنی مەرجەکان و ڕێکەوتی دەرچوونی یاساکانی پەرلەمان و ئەو برگە یاساییانەی تر, کە حوکمی بابەتەکە دەکەن)(Toulmin, : ٩٧ 2003)، کە ڕاستەوخۆ بە دەقی یاسای بەرکار، ئەنجامی پشکنینی زانستی، یان ڕاپرسی باوەڕپێکراو پاڵپشتی دەکرێن، وەک دەستوور و یاسای گشتی بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگا تۆمارکراون. بۆ وەڵامدانەوەی گومانی وەرگر، ئارگۆمێنتساز پەنایان بۆ دەبات، لە چوارچێوەی گوتاری هەڵبژاردندا دەکرێت ئەو پشتگیرییە دەقێکی یاسایی بێت، داتایەکی زانستی, یان بنەمایەکی قبوڵکراوی ئایدیۆلۆژی، کلتووری و ئاینی بێت. پشتگیری وەک هاوکارێکی گرەنتییەکان دەبنە بەشێک لە گوتارەکە. (دەکرێت تەنها یەک, یان دوو ڕستە بێت, یان بەقەد بەشێکی سەرەکی لە گوتارەکەتدا بێت، کە ئامانجی ڕازیکردنی وەرگرە بۆ پەسەندکردنی گرەنتییەکە وەک ڕاستی)(Ramage et, 2016: 73). بەواتا (پشتگیری بۆ ئەوەیە یارمەتیدەر بێت لە پوختکردنەوەی گرەنتییە سەرەتاییەکە بۆ ئەوەی بەکاربهێنرێت, و پشتگیری پاڵپشتی هەموو ئەو هەنگاوانە دەکات، کە بۆ گەیشتن بە گرەنتییەکی بەکارهاتوو گیراونەتەبەر) (Hitchcock &Verheij, 2006: 12). بۆنموونە:

**(١٠) بانگەشە:** کەلار پێویستی بە دروستکردنی نەخۆشخانەیەکی مۆدێرن و فراوان هەیە.
**داتا:** نزیکەی (٪٤٠) ی دانیشتووانی ناوچەکە بۆ بینینی پزیشکی پسپۆر سەردانی شارەکانی دیکە دەکەن.
**گرەنتی:** ڕۆیشتنی ئەم ڕێژە بەرچاوەی خەڵک، نیشانەی کەمی خزمەتگوزاری تەندروستییە لەو شارەدا.
**پشتگیری:** بەپێی ڕاپۆرتی دەزگا و ڕێکخراوە ناحکومییەکان، توانای مرۆیی و لۆجستی نەخۆشخانەکانی ئێستای کەلار لە ئاستی پێویستدا نییە.

لێرەدا پشتگیرییەکە (ڕاپۆرتی دەزگا و ڕێکخراوەکان) ئەو بناغە بەهێزەیە، کە وادەکات گرەنتییەکە جێی باوەڕ بێت، بەم شێوازە هەر بانگەشەیەک دەبێت پشتئەستوور بێت بە هەندێ بەڵگەی تۆمارکراو، کە وادەکات بانگەشەکەی وەک خاڵێکی چارەسەر, یان گرتنەبەری ڕێکاری پێویست لە بەرانبەر پێویستییەک لە کاتێکی دیاریکراودا دەربکەوێت.

## ٢-١-٥- سنووردارکەر- Qualifier

سروشتی مرۆڤ وایە مەرج نییە هەموو کردار و گوتەکانی بەشێوەیەکی ڕەها یەک ئەنجام بن. گەلێک لەو ئارگۆمێنتانەی لە ژیانی ڕاستەقینەدا دەردەبڕدرێن بەشێوەیەکی ڕەها (٪١٠٠) نین، چونکە بوارەکانی (کۆمەڵایەتی، ئابوری، زانست، سیاسەت...) پڕن لە گریمانە و ئەگەری جۆراوجۆر، کە بازدان بەسەریاندا دەبێتە هۆی گرفت و ڕەتکردنەوەی بانگەشەکان. لێرەدا (تۆڵمین) بنەمای سنووردارکەری وەک بنەمای پێنجەمی مۆدێلەکەی خستەڕوو، (سنووردارکەر ئاماژەکردنە بە هێزی ئەنجامەکە، کە زۆربەی کات لە ڕێگەی وشەگەلێکی وەک بە ناچاری, یان پێدەچێت ئەنجامدەدرێت. هەر ئەنجامێک لەگەڵ ئاستی هێز, یان سنووردارکردنەکانیدا دەخرێتەڕوو) (Magalhaes, 2020: 4-3)

ئەرکی سەرەکی ئەم بنەمایە دیاریکردنی ئاستی دڵنیای و بەهێزی بانگەشەکەیە، ڕوونیدەکاتەوە، کە ئارگۆمێنتەکە هەمیشە ڕاستە, یان ڕێژەییە. وەک چۆن هەموو گرەنتییەک ڕێگەبەوە نادات بە ڕێژەی (٪١٠٠) ئەنجامێکی یەکلاکەرەوەی هەبێت، پێویستە پلەی هێزی دەرئەنجامەکە دیاری بکرێت، (هەندێک گرەنتی ڕێگەمان پێدەدەن, کە بانگەشەیەک بەبێ دوودڵی بسەلمێنین، هەندێکی تر ڕێگەمان پێدەدەن, کە هەنگاوێک لە داتاوە بۆ دەرئەنجام بنێین بەشێوەیەکی کاتی، یان لەژێر هەندێک مەرجدا،

لەبەرئەوە لەوانەیە پێویست بکات وشەگەلێکی سنووردارکەری گونجاو، وەک بێگومان پێدەچێت، لەوانەیە بخەینە پاڵ دەرئەنجامەکە، کە ئاماژە بەو پلەی هێزە دەکەن، کە دەرئەنجامەکەمان بەهۆی گرەنتییەکەوە پێی بەخشراوە) (Toulmin, 2003: 93).

بۆیە دەکرێت زۆرجار گرەنتییەکان ئەنجامێکی نادڵنیایی, یان مەرجدار, یان رێژەیی بگەیەنن، چونکە مەرج نییە هەموو ئەو بانگەشانەی مرۆڤ دەیانکات، هەمیشە و بۆ هەموو شتێک ڕاست بن، بەڵکو دەکرێت رێژەیی بن، بۆیە )سنووردارکەرەکان وشە و دەستەواژەکانن, کە سنوور بۆ بانگەشەکان دادەنێن، وەک زۆرجار، هەندێک جار، لە زۆرحالەدا بەگشتی و لە زۆربەی حاڵەتەکاندا ڕۆڵێکی بنەڕەتی لە ئارگۆمێنتەکاندا دەگێڕن. بە پێچەوانەوەی لۆژیکی فەرمی، کە پێویستی بە بنەمای گشتگیر هەیە) (Lunsford & Ruszkiewicz, 2010: 194) بۆ نموونە بۆ بەراوردی گرنگی ئەم بنەمایە لە ئارگۆمێنتی **(جگەرە زیانبەخشە.)**، بڕوانە ئەم دوو دەربڕینە:

**(١١-ا) دەربڕینی یەکەم:**

(جگەرەکێشان لە زۆربەی حاڵەتەکاندا زیانی بۆ تەندروستی مرۆڤ هەیە.)

**(١١- ب) دەربڕینی دووەم:**

(جگەرەکێشان بە ڕێژەی ١٠٠% زیانی بۆ تەندروستی مرۆڤ هەیە.)

لە نموونەی (١١- ا) دەربڕینەکە بەهۆی بوونی دەستەواژەی (زۆربەی حاڵەتەکاندا) تێیدا بواری ڕەتکردنەوە کورتدەکاتەوە و دان بەوەدا دەنێت، کە ڕەنگە کەسانێک هەبن پاش ساڵانێکی زۆر لە جگەرەکێشان کاریگەرییەکی خراپیان لەسەر دەرنەکەوتبێت بانگەشەکە سنووردار دەکات، بەڵام لە نموونەی (١١- ب) دەربڕینەکە بە هۆی بوونی دەستەواژەیی (١٠٠%) تێیدا بوار بە ڕەتکردنەوەی ئارگۆمێنتەکە دەدات، چونکە ڕەنگە کەسێک بڵێت باوکی من (٥٠) ساڵە جگەرە دەکێشێت و هیچ کاریگەرییەکی خراپی لەسەر نەبووە.

کەواتە، بوونی ئەم سنووردارکەرانە لە هەر ئارگۆمێنتێکدا وادەکات دەربڕینەکان لە واقیعی ژیانەوە نزیک بن، چونکە (بریتین لە وشە و دەستەواژەکانی، وەک: هەندێک، زۆربەی، کەم، بۆ زۆربەی خەڵک، بۆ کەمێک لە بەکارهێنەران، بە گشتی، جاروبار، بەدەگمەن لەژێر هەلومەرجی دیاریکراودا) (Lunsford& Ruszkiewicz, ٢٠١٠:١٩). دەبنە بەنرخترین کەرەستەکان پاڵپشتی ڕاستی بوون بۆ ئارگۆمێنتەکانمان دەستەبەر دەکەن.

### ٢-١-٦- بەرپەرچدانەوە Rebuttal

گرەنتییەکان هەمیشە یەکلاکەرەوە نین، دەبێت لە چوارچێوەی هەر ئارگۆمێنتێکدا گریمانەی بوونی بارودۆخی جیاواز بکرێت، کە وادەکات لەنێوان هەزاران پێشهاتی هاوشێوەدا گریمانەی بوونی دیاردە و پێشهاتی پێچەوانە هەبێت، چونکە ژیانی ڕاستەقینەی مرۆڤ پڕە لە بارودۆخی تایبەت و کاریگەری دیاردەی دەرەکی، کە دەتوانن گشتگیرترین یاسا و بنەماکانیش بخەنە ژێر پرسیارەوە. هاوشانی ئەو ڕووداو، یاسا و ڕێنماییانەی، کە پاساو و گرەنتییەکان دەچەسپێنن، ڕووداو, یان یاسا و ڕێنمایی هەیە، کە گرەنتییەکان بۆ چەسپاندنی بانگەشەکان لاوازدەکەن، یان دەبنە حاڵەتی تایبەت و جیاواز. بۆیە لەو بار و قۆناغەدا بانگەشەکان لاوازدەبن، بۆیە پێویستە لە کرداری ئارگۆمێنتسازیدا ڕەچاوی ئەو ئەگەر و دۆخە تایبەتانە بکرێت. بازدان بەسەر ئەم ئەگەرانەدا ئارگۆمێنتەکان ڕووبەڕووی ڕەخنەی جۆری و ڕەتکردنەوە دەکەنەوە، (تۆلمین) بۆ بوونی وەڵام لەبەرانبەر پرسیاری بوونی بارودۆخە تایبەتەکانی ناکارایی گرەنتییەکان، بنەمای شەشەمی تیۆرییەکەی دەخاتەڕوو، کە بریتییە لە (بەرپەرچدانەوە) ئەم بنەمایە بریتییە لە (مەرجەکانی ڕەتکردنەوە, کە ئاماژەن بۆ ئەو بارودۆخانەی تێیدا دەسەڵاتی گشتیی گرەنتییەکە دەبێت وەلا بنرێت) (Toulmin, 2003: 94).

هۆكاری سەرەكی بوونی ئەم بنەمایە بریتییە، لە دیاریکردنی ئەو بارودۆخە تایبەتانەی، كە تێیدا دەسەڵاتی گشتی پاساوەكە كارا نابێت، بانگەشەكە پوچەڵدەبێتەوە، كە ئەمە ئەركی سەرەكی بنەماكەشە. بۆ زیاتر ڕوونكردنەوەی ئەم چەمكە، دەتوانین بڵێین بەرپەرچدانەوە بریتییە لە (بانگەشەی پێچەوانە, یان ئەو دەربڕینانەی ئاماژە بەو دۆخانە دەكەن، كە بانگەشەی گشتی تێیاندا بەرجەستە نابێت) (Magalhaes, 2020: 4).

سەرباری ئەمەش، ڕۆڵی ئەم بنەمایە دانانی بەرگرییە لەبەرانبەر دەسەڵاتی ڕەهای ئارگۆمێنتساز لە دیاریکردنی سنووری بانگەشەكەی, هەروەها ئارگۆمێنتساز ناچارە بۆ ئەوەی توانای خۆگونجانی هەبێت, لەگەڵ بارودۆخی تایبەت لە بوارە جیاوازەكاندا، وەک هەوڵێكی فریاگوزاری بۆ ڕزگاركردنی بانگەشەكان لە چوارچێوەی ئارگۆمێنتكردنەكاندا پەنا بۆ بەرپەرچدانەوەكان ببات. ئەم بنەمایە هۆكاری سەرەكی باوەڕپێكردنە، چونكە كاتێک ئارگۆمێنتسازێک ئاوڕ لەلایەنە نادڵنیا و تایبەتەكانی بواری بانگەشەكەی دەداتەوە، ئاماژەی ڕاستگۆیی بەرانبەر بە خۆی و بانگەشەكەی چالاكدەكات، ڕاستەوخۆ ڕێگە لە ڕەخنەی لاواز و تەنانەت ڕەخنە ناسادەكانیش دەگرێت، یان زۆر كەمیاندەكاتەوە, نموونە بڕوانە ئەم دوو دەربڕینە:

**(١٢-ا) لە هەرێمی كوردستان مادە هۆشبەرەكان بەتەواوی قەدەغەكراون.**

**(١٢-ب) لە هەرێمی كوردستان مادەی هۆشبەر قەدەغەیە، جگە لە نەخۆشخانە دەروونییەكان.**

لە دەربڕینی (١٢-ا) بانگەشەكار بەبێ دانانی هیچ سنوورێک بەڕهایی ئاماژە بە قەدەغەكردنی مادەی هۆشبەر دەكات، لە كاتێكدا هەندێک لەو مادانە وەک چارەسەر بە ڕێژەی دیاریكراو لەلایەن پزیشكە پسپۆڕەكانەوە بەكاردەهێنرێن. ئاماژە نەكردن بەم بارودۆخە تایبەتە (نەخۆشی دەروونی) وا دەكات بانگەشە گشتییەكە لەڕووی بابەتییەوە لاوازبێت.

لە دەربڕینی (١٢- ب) كاتێک ئارگۆمێنتساز خۆی ئاماژە بەو بارودۆخە تایبەتە (نەخۆشخانە دەروونییەكان) دەكات. بانگەشەكەی بەهێزتر و باوەڕپێكراوتر دەبێت. بنەمایەكی ڕاستیبوون بۆ بانگەشەكە فەراهەمدەكات، چونكە لای زۆرینەی خەڵک ئاشكرایە بەشێک لە مادە هۆشبەرەكان وەک دەرمان بەكاردەهێنرێن. بەم كارە، ئارگۆمێنتساز خۆی پەنجە لەسەر ئەو بارودۆخە تایبەتە دادەنێت، كە بانگەشەكەی نایگرێتەوە، ئەمەش وادەكات ئارگۆمێنتەكە بەهێزتر و بەرگری لێكراوتر بێت. بەم شێوەیە، دەردەكەوێت, كە كرۆكی بەرپەرچدانەوە بریتییە لە (دژایەتیكردن و وەڵامدانەوەی دژایەتییەكە) (Zainuddin and Rafik-Galea, 2016: 120)

لێرەدا بە نموونەیەک هەر شەش پێكهاتەكە لە چوارچێوەی ئارگۆمێنتێكدا دەخەینەڕوو:

(١٣)

١- **بانگەشە:** (پێویستە زۆربەی سەرپێچیكارانی یاساكانی هاتوچۆ سزا بدرێن، جگە لە شۆفێری ئەمبولانسەكان لە كاتی ئەركی نائاساییدا.)

٢- **داتا:** سەرپێچییە تۆماركراوەكان و ئامارەكان دەیسەلمێنن كە سەرپێچییەكان هۆكاری سەرەكی ڕووداوەكانی هاتوچۆن.

٣- **گرەنتی:** سزادانی یاسایی دەبێتە هۆی كەمكردنەوەی سەرپێچی و پاراستنی سەلامەتی گشتی.

٤- **پشتگیری:** ئەمە لەسەر بنەمای مادەكانی یاسای هاتوچۆی كارپێكراو و ئامارە فەرمییەكانە.

٥- **سنووردارکەر:** وشەی (زۆربەی).

٦- **بەرپەرچدانەوە:** حاڵەتی لێخۆشبوونی شۆفێری ئەمبولانسەكان لە كاتی گواستنەوەی كتوپڕی نەخۆشدا.

ئەم ئارگۆمێنتە لە ڕێگەی بەكارهێنانی پاڵپشتی یاسایی و ئامارییەوە، بنەمایەكی پتەوی بۆ گرەنتییەكە دروستكردووە، تا بیسەلمێنێت, كە سزادان زەرورەتێكی یاساییە بۆ پاراستنی گیانی گشتی، هەروەها بەكارهێنانی سنووردارکەری (زۆربەی) لەپاڵ جێگیركردنی پێكهاتەی بەرپەرچدانەوەی تایبەت بە

(شۆفێری ئەمبولانسەکان) لەنێو خودی بانگەشەکەدا، لۆژیکی بابەتەکەی لە ڕەهایی پاراستووە. ئەمەش وایکردووە ئارگۆمێنتەکە نەرم بێت و توانای جێگیرکردنی بارودۆخە مرۆیی و پیشەیبە نائاساییەکانی هەبێت، بەبێ ئەوەی بنەمای سەرەکی یاساکە تێکبچێت.

دوای ئەوەی بە وردی باسمان لە هەر شەش بنەماکەی مۆدێلی ئارگۆمێنتی تۆلمین کرد، نموونەی پێویست خرایەڕوو، ئێستا دەتوانین لە ڕێگەی ئەم هێڵکارییەی خوارەوە وێنەیەکی گشتگیر و ڕوونتر ببینین. ئەم هێڵکارییە چۆنیەتی پەیوەندیی نێوان بنەماکان و ڕۆڵی هەر یەکێکیان لە پێکهێنانی ئارگۆمێنتێکی تۆکمەدا نیشاندەدات:






**هێڵکاری (٢) (شەش بنەماکەی تۆڵمین بۆ ئارگۆمێنت)**

بەم شێوەیە مۆدێلی تۆڵمین لە ڕێگەی شەش بنەما سەرەکییەکەیەوە، سیستمێکی لۆژیکی و کرداری بۆ بەرهەمهێنان و شیکردنەوەی ئارگۆمێنت بونیاد دەنێت، کە تێیدا هەموو پێکهاتەکان پێکەوە بەستراون بۆ بەهێزکردنی بانگەشەکان لەنێو گوتاردا. (لە کۆتاییدا هێزە تایبەتەکانی مۆدێلی تۆڵمین و ئەو هۆشیارییەی, کە سەبارەت بە وردەکارییە زمانییەکان دروستی دەکات، وای لێدەکات شایەنی ئەوە بێت وەک بەشێک لە ڕەوانبێژی سەیر بکرێت (Ramage et al, 2009: 87). بوونی ئەو پایانە لەپێکهاتەی ئارگۆمێنتەکاندا وادەکات ئارگۆمێنتێکی نموونەیی بەهێز بەرهەمبهێنرێت.

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ١٠

**ئەنجام:**

١- مۆدێلەکە لۆژیکی لە چوارچێوەیەکی تیۆریی وشکەوە گۆڕی بۆ ئامرازێکی کرداری بۆ شیکردنەوەی ئارگۆمێنتەکانی ژیانی ڕاستەقینە.

٢- توێژینەوەکە سەلماندی, کە پێوەرەکانی ئارگۆمێنت جێگیر نین، بەڵکو پەیوەستن بەو بوارەی کە تێیدا بەرهەمدێت، یان بەکاردێن.

٣- پشتبەستن بە شەش پایەکەی تۆڵمین بنیاتێکی پتەو بە ئارگۆمێنت دەبەخشێت و دەرفەتی ڕەتکردنەوە لای بەرانبەرکەم دەکاتەوە.

٤- ڕەگەزی سنووردارکەر و بەرپەرچدانەوە دەبنە هۆی دوورکەوتنەوە لە گشتاندنی هەڵە و دیاریکردنی ڕادەی دڵنیایی بانگەشەکان.

٥- هەمەجۆریی نموونەکان لە بوارە جیاوازەکاندا سەلمێنەری ئەوەیە، کە ئەم تیۆرییە وەک مۆدێلێکی ستاندارد بۆ هەڵسەنگاندنی ئارگۆمێنت لە زۆربەی کایەکاندا گونجاوە.

**سەرچاوەکان**


١- Adal, A. A. (٢٠٢٣) An Analysis of Postgraduate Theses Using Toulmin Argumentation Model in the Field of Mathematics Education in Turkey’, International Journal of Field Education, ٩(١), pp. ١٦–٣٧.

٢- Bieda, K. N., Conner, A., Kosko, K. W. and Staples, M.(eds) (٢٠٢٢) Conceptions and Consequences of Mathematical Argumentation, Justification, and Proof. Cham: Springer.

٣- Booth, W. C., Colomb, G. G. and Williams, J. M. (٢٠٠٨) the Craft of Research . ٣rd edn. Chicago: University of Chicago Press.

٤- Demiray, E. Işıksal-Bostan, M. and Saygı, E. (٢٠٢٣) Components of collective argumentation in geometric construction tasks’, Turkish Journal of Education, ١٢(١), pp. ٥٠–٧١.

٥- Freeman, J. B. (٢٠٠٥) ‘Systematizing Toulmin’s Warrants: An Epistemic Approach’, OSSA Conference Archive, ١٦.

٦- Govier, T. (٢٠١٤) A Practical Study of Argument. Enhanced ٧th Edition . Boston, MA: Cengage Learning.

٧- Hamby, B. (٢٠١٢) Toulmin's "Analytic Arguments', Informal Logic, ٣٢(١), pp. ١١٦–١٣١.

٨- Hitchcock, D. and Verheij, B.(eds) (٢٠٠٦) Arguing on the Computer. Dordrecht: Springer.

٩- Kaiser, C. (٢٠١٩) 'Argumentation in Mathematics Education Research, in Compendium for Early Career Researchers in Mathematics Education. Cham: Springer Open.

١٠- Langsdorf, L. (٢٠١١) 'Argumentation as Contextual Logic: An Appreciation of Backing in Toulmin's Model', COGENCY, ٣(١), pp. ٥١–٧٨.

١١- Lunsford, A. A. and Ruszkiewicz, J. J. (٢٠١٠) Everything's an Argument. ٥th edn. Boston: Bedford/St. Martin's.

١٢- Magalhães, A. L. (٢٠٢٠) 'Teaching How to Develop an Argument Using the Toulmin Model', International Journal of Multidisciplinary and Current Educational Research, ٢(٣), pp. ٠١–٠٧.

١٣- Ramage, J. D., Callaway, M., Clary-Lemon, J. and Waggoner, Z. (٢٠٠٩) Argument in Composition. West Lafayette, Indiana: Parlor Press and the WAC Clearinghouse.

١٤- Ramage, J. D., Bean, J. C. and Johnson, J. (٢٠١٦) Writing Arguments: ARhetoic with Readings. ١٠th edn. Boston: Pearson Education, Inc. r

١٥- Siregar, R. N., Syarif, H. and Amri, Z. (٢٠٢١) An Analysis of Argument of Students' Argumentative Essay by Using Toulmin Model, Advances in Social Science, Education and Humanities Research, ٥٧٩, pp. ٩٨–١٠٣.

١٦- Toulmin, S. E. (٢٠٠٣) The Uses of Argument. Updated Edition. Cambridge: Cambridge University Press.

17- Toulmin, S., Rieke, R. and Janik, A. (1979) An introduction to reasoning. Macmillan Publishing Co., Inc.: New York.

١8- van Eemeren, F. H., Garssen, B., Krabbe, E. C. W., Snoeck Henkemans, A. F., Verheij, B. and Wagemans, J. H. M. (٢٠١٤) Handbook of Argumentation Theory. Dordrecht: Springer.

١9- van Eemeren, F. H., Grootendorst, R. and Henkemans, F. S. (١٩٩٦) Fundamentals of Argumentation Theory: A Handbook of Historical Backgrounds and Contemporary Developments. Mahwah, NJ: Lawrence Erlbaum Associates.

20- Zainuddin, S. Z. and Rafik-Galea, S. (٢٠١٦) Effects of training in the use of Toulmin's model on ESL students' argumentative writing and critical thinking ability, Malaysian Journal of Languages and Linguistics, ٥(٢), pp. ١١٤–١٣٢.

٢1- Zarefsky, D. (٢٠١٩) The Practice of Argumentation: Effective Reasoning in Communication. Cambridge: Cambridge University Press.